# بۆ ساڵیادی سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی

جەلال هانیسی



هونەر بێ شك هەستی دەروونی هەر مرۆڤێکە، بەڵام لە دەروونی کەسانێکی تایبەتیەوە هەڵدەقوڵێ کە ئەو هەستە هۆشیار و لێوەشاوەیی تەواوی دەوێ تا بتوانێ پەروەردەی بکات، هونەری چڕینیش یەکێکە لەو هونەرە هەرە ئەستەم و گرنگانە کە بە دەنگ بەتایبەت بە هۆنراوەی ناسك و پڕناوەرۆك دەچڕێت، ئەمە لەخۆیدا کاری بچڕ واتە گورانی بێژومقام بێژ دژوارتردەکات ، دەبێ ئەو هۆنراوە کە بە دەنگ دەردەبڕێت گوێگر لەو پەڕی ناکۆکیدا بێنێتە جۆش و رۆح و رەوانی لە پەرۆشی و خەمۆکی دەربێنێت و بیخاتە دنیای خەیاڵات و ئەرغەیانیەوە، ئەگەرباس لە گۆرانی و هۆنراوە و پلەی دەنگ و چۆنیەتی دەربڕینی سەیدعەلی ئەسغەر بکەین، ئەشێ بچینە ناومێژووی ئەم مامۆستا مقام ناس و ئاوازچڕە، بێ گومان هیچ کەسێك بێ مامۆستا بە تەواوەتی ناگاتە پلەیەك کە بتوانی خزمەتێك بە کۆمەڵگاو گەلەکەی بکات دیارە بەرلە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی کەسانێك هەبوون کە لە بواری گۆرانی و مۆسیقادا شارەزایی تەواویان هەبووە بەڵام داخەکەم بەهۆی نەبوونی دەنگهەڵگری ئەو سەردەم هیچ نیشانەیەکیان لە پاش بەجێ نەماوە، کە بێگومان لەوانە کەڵکی وەرگرتووە، یەکەم کورد بووە کە بە شێوەی فەرمی لە کومپانیا دەنگی تۆمار کردوە ...لە حالێکدا هەم زمانی کوردی، هەم جلوبەرگی کوردی لە سەردەمی "رەزاخان شای ئێران !!! وەك قوزەلقورت و چقڵ و دڕك بۆ شا و دەست وپێوەندەکانی"وابوو.

"دیواخانی بنەماڵەی ئاسەف دیوان" کە مەکۆی دەنگ خۆشان و خوشخوانانی شاری سنە بووە و لە هونەری مێعماریشدا کاریگەری زۆریان لە سەر شاری سنە بووە، نەیان هێشتووە ئەم دەنگە ئەفسانەییە هەرمانە بفەوتێ، یارمەتیان داوە تا دەنگی تۆمار بکرێت، سەیید لەو فەزایەدا پەروەردە بووە کە بەتەواوەتی دەستگاکانی مۆسیقای ئیرانی ناسیوە (گەلانی ئاریایی) بەڵام سەیید عەبدولئەحەد کوڕی گەورەی سەیید عەلی ئەسغەر وتوویە سەرەڕای ئەوەی کە باوکم مامۆستای نەبووە بەڵام دەستگای مۆسیقای باش دەناسی.

سەییدعەلی ئەسغەر بە سەر خەزێنەی ئەدەب‌وهونەری نەتەوەکەیدا زاڵ بووە بە تەواوەتی ناسیویە، ئەندیشە و ئاواتی دەروونی پڕ لە کوڵی ئەوە بووە کە مقام و ئاواز لە دیوەخانەکانەوە بیکاتە خوراکی رۆحی دارا و نەدار!

بەوپەڕی لێهاتوویی و خەمخواری نەتەوەکەی، توانیویە ئەو شاکارە بخولْقێنی و زمان و فەرهەنگی گەلەکەی بخاتە بەر چاوی گەلانیتر کە زمان و فەرهەنگی کوردیان بەکەم زانیوەو زمان و فەرهەنگی خۆیان سەرتر زانیویە وەك (فارس‌وتورك‌وعەرەب)کە بەختەوەرانە ئەو شاکارەی کە سەییدعەلی ئەسغەر خولْقاندویە نەك لەوان نزمترنییە بەڵکە سەرتروبەرزتریشە، تەنیا ئەوچواردە ئاوازومقامەی لە کە بەر دەستمانە نموونەی ئاوازی شاهانانەن کە هەم دەنگەکەی هەم شێعرەکانی رۆحمان بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕێنن ! ئیستە شارەزایانی بواری مۆسیقا و گۆرانی لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە ناویانا کەسێکی وەك سەیدیان تێیدا هەڵنەکەوتوە، ئەمە بۆ نەتەوەی کورد وەك شۆڕشێکی فەرهەنگی تەواو مانا دێتە ئەژمار و کوردیش شانازی پێوە دەکات ، ئەمەیە رەمز و نیشانە نەمری و هەرمانی سەییدعەلی ئەسغەری کوردستانی.

تەنانەت کەسانی بواری مۆسیقاوئاوازی ئێرانی لە شێوازی تکنیك و چڕینی کەڵك وەردەگرن ، هێندە مامۆستایانە دەنگی سەیید هەڵدەفڕی و دەنیشێتەوە، هیچ پێوەرێك نییە بتوانێ رادەی دەنگی ئەم داودە کوردە دیاری بکات، هیچ کەسیش نییە بتوانی لەو کۆکەی کە چڕیویە بە جاڕی سەیدا بڕوات چۆن سێحری دەنگی لەوەدایە.

سەیدعەلی ئەسغەری کوردستانی کوڕی سەیید نیزامەدین لە ساڵی ١٢٦١ی هەتاوی لە ئاوایی سەڵواتاوا سەر بە چەم شاری سنە لە بنەماڵیەکی ئایینی هاتە دنیا، سەرەتا لە لای بنەماڵەکەی فێری خوێندن و نووسین دەکرێ، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن دەێنێرنە شاری سنە لە مزگەوتی هاجەرە خاتوون و دارولئێحسان(جامێعەی ئێستە)لە لای" شیخ عەبدول موئمن

"باوکی( ئایەتولّای مەردۆخ ) هەروەها لای "مەلائیبراهیمی کانی مشکانی" دەرسەکانی باوی سەردمی خوێندوە، سەیید هەرلە دەورەی فەقیەتیدا بە هۆی دەنگ خۆشییەوە ناوبانگ دەردەکات و هەربەوبۆنەوە بانگ دەکرێتە مەکۆی شاعێرانودەنگ بێژان کە دیوەخانی" ئاسەف دیوان" بووە، نامەیەك کە سەییدعەلی ئەسغەر بۆ سەفارەتی میسر لە تاران نووسیویە بەڵام ڕێکەوتی لەسەر نییە ، دەڵێ :ماوەی ٣ مانگە نە بە خواستی خۆم بەڵکە لە سەرداوای" میرزا یعقوب سەمیمی هەمەدانی" نوێنەری کومپانیای "بدافون" کە چەندین جاربە نامە و تەلگراف و تەلەفۆن داوای لێکرددوم کە بچم گورانی کوردی تۆمار بکەم کە بە بێ ئاگاداری من چووەتەوە بۆ هەمەدان لێی نەپرسیوم ، داوا دەکەم ئەو زیانەی کە کردومە کومپانیای ناوبراو قەرەبووی بکاتەوە دەنا هەتا مافم نەدری لە بەر سەفارەتی میسرا مان دەگرم.
دیارە ئەو سەرگەردانییەی کە سەیید چێشتوویە گەلێك پەرۆشی فەرهەنگ و کولتوورەکەی بووە، کە لە پێناوی نەتەوەکەی دا غەدرێکی زۆری لێکراوە، لە نێو کورددا ئەمە یەکەم جارە کە کوردێك بەم شێوەیە لە سەر مافی خۆی مان بگرێ! تا بێ عەداڵەتی بە گوێ کەسانیتر دا بگەینێ.
سەیید عەلی ئەسغەر لە ژیانی خوێدا گەلێ مقام وئاوازی چڕیوە کە برێکیانی لە کومپانیا تۆمار کردوە،گرێبەستێك کە لە ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی دا لە بەینی سەیید عەلی ئەسغەرو حەبیم حەدادی بەغدادی نوێنەری "کومپانیای پولیفۆن لە تاران" مۆر کراوە، بۆئەم گرێبەستە حەبیم هاتوەتە شاری سنە و تێیدا نوسراوە سەیید عەلی ئەسغەر دەبێ لە ماوەی یەکساڵ دا ١٠سەفحە دوودیو ئاوازی کوردی تومار بکات و تا ئەم گورانی گەلە تومارنەکات نابێ لە هیچ ماکینەیەك دا(کومپانیا) نە لە ئێران ، نە لە وڵاتێکی تر گورانی تۆمار بکات.
سەیید عەلی ئەسغەر گەلێ گورانی تۆمارکراوە کە فەوتاون.
تەنیا چوارده مقام و ئاوازەی پارێزراون کە ئەمانەن.

**مقامەکان**

١ ــ سەدای زیلوبەم : سێگا ٢ ــ عەزیزا دڵ بریندار‌ی جەفاتم: دەشتی ٣ ــ شەرای جەهەنەم :هومایون ٤ ــ تولووعوغورووب سوب ئێوارانەن : ئەبۆعەتا ٥ ــ زەردی خەزان : بەیاتی تورك ٦ ــ شادی گەرد خەم چۆن نەدۆ وەباد شووشتەری: ٧ــ وتم سا ئەڵبەت تەمامت کەردەن : ئێسفەهان

**ئاوازەکان**

١ ــ ئەی رەفێقانی تەرێقەت: شوور ٢ ــ خەمگینودڵ پەشێوم : دەشتی ٣ ــ جانی جانانم وەرە : ئەفشاری ٤ ــ کراس کورتێ: دەشتی ٥ ــ ئای لە لەنجە: ئێسفەهان ٦ هەی نابێ نابێ: ئەفشاری ٧ــ یارغەزاڵ: بەیاتی تورك
کاتێ تەم لە ڕۆژێکی ساماڵی زستانیدا سەڵواتئاوای پۆشی بوو،
ورتەومۆرە لە زاری ئەویندارێکەوە دەرنەدەهات و
وشەی پەپوولە ئاسای دڵ نەخۆشی دەردی هێجرە یا بۆ بالا گەردانی باڵات قۆچی قوربانم وەرە
یا کێ تۆی رەنجان قورئان گیربێ
لە لێوەوە هەڵنەدەفڕی ،
نزیکی نێوەڕۆ مەل زریکانی ،
دێ شێوا شار شڵەژا بوو بە شین و شەپۆر پیرپیاوان کەوتنە کۆچر ،
ژنان خۆیان رنی، فرمێسك سێڵاو ئاسا لە چەم کەنیا،
هەی داد هەی رۆ پەپوولەی رۆحی سەییدعەلی ئەسغەری کوردستانی لە جەستەی هەڵفڕی ، دڵ بووکۆ،
هەواڵی ئەم کۆستە وەك برووسکە کوردستانی بڕی
شیوەنی عەلی مەردان دڵی خەڵکی کەرکوکی هەژاند !
دەنگی شێخ نووری سیخ ساڵح هەڵبجەی غەرقی ماتەم کرد
سەعید مامڵێ یارە خۆشخوانەکەی سەیید سۆزی شیوەنی مهابادی کردە مەغڵیوە!!!
15ی ڕێبەندانی ساڵی 1315ی هەتاوی شای خۆشخوانانی کورد ماڵئاوایی لە ژین کرد بەڵام ئێستە 72ساڵ پاش مەرگی هێشتا دەنگی فریشتە ئاسا داودیەکەی مامۆستا سەییدعەلی ئەسغەری کوردستانی، ئاشناکەی ناخ و دەروونمانە.
…………………………………………………………………………………………………………………….
....
"پەخشانە شێعر "
بۆ سەیدعەلی عەسغەر کوردستانی
جەلال هانیسی
هۆ مەزن، هۆمەزن،
هەرکات چریکەت باڵ دەگرێ
خەم وەك
مژی بەهاری دەرودەشتی کوردەواری بە جێ دێڵێ
شادی وەکو سروەی بەرەبەیان

دەخشێتە ناو دڵوهەناوی
مرۆڤی بێ غەڵوغەشی
ئەم کوردستانە مەزنە!
تۆ لە نەمان( ١) لە داییك بووی
بەڵام نەمان ناوی نەماو
تۆ هەرماوی و هەردەشمێنی
سنە باوشی بۆ تۆ کردەوە!
بەڵام کوردەواری نەیهێشت
چۆن تۆ کوردستانی بووی!
دوورلە ئێستە
کاتێ ئاوییەرو شیشەڕێ و گووژە(٢)
بزەیان دەهات بۆ یەکتر
نە دووکەڵ بوو
نە دوورنج
نە دەهۆ
نە درۆ
نە فێڵ!!
ئێستە ئاوییەر سنگی بریندارەو
شیشەڕێ خەمبارو
گووژەش دەستە ئەژنۆ
ئاخ ئەی عاشقەکەی شیرین‌وفەرهاد
ئەی نەیارەکەی بەختی نەهات!
کاتێ سواریماینە شێ یەکەت دەبووی
داروبەردی تەونەگەر(٣) دەهاتنە لەنجە و سەمایان دەکرد
کاتێ چریکەت بەسەر بناویلە(٤)و کەلی خەیارە(٥)
وەك بای مزگێنی
دڵی دەشتەوانی شاد ئەکردو
بولبولی شەیدای شەیداتر دەکرد
دەنگی تۆ تاسە شکێنی دڵی ئەو کوێستان‌وچەموەدەشتە بوو
کاتێ کە پێت دەدا لە وێزەنگی ماینە شێ یەکەت
سنگی گووژە بگرێتە بەرو
روو بکاتە بانەی وارواییو(٦)خاڵیماماو(٧)
وێسفتەو(٨)دۆڵەسیرە
ئەوسا بۆنی بێ خەوشی هانیس(٩)
هەڵبمژی و
روو بکەیتە سەی ئەبۆبەکر(١٠)
بێژی هەی داد هەی بێداد دەردم تاو تاو
ساتێکم لەرزەو ساتێکم یاوە
ئاخۆ ئەو هاوارە چی بوو
بۆچی تاوتاوە
بێ ئارامی سەرت لێبداو
هەرساتە مووچڕکێك بێتە لەشتا،
ئێستە گووژە و شیشەڕێ و قەرەوڵ و
تەونەسوورو ڕێحانە گەورە(١١) مەتەرێزی سنجەرخان(١٢)
دەنگی تۆ لە گوێچکەیاندا دەزرنگێتەوە
نارەوخوڕەی ئاو و
چریکەی بولبول تەسکینیان نادا،
داخی نەمانی تۆ
وەك نشتەر جەرگی لەت لەت کردووە
ئێستە تۆ لە ناو تایلەی سەبیەکانی سەڵواتاوا نووستوی و
دووری لەم دووکوڵ‌ودەهۆی رۆژگارە!

ئاخ و هەزاران ئاخ
دەردی بێ وڵاتیت بردە ژێر بارمتەی خاك و
ئاواتە هەرە گەورەکەی دەروونت نەهاتە دی
هۆ مەزن
سەد جار داوات لە رەفێقانی تەرێقەت کرد
بەڵام بەم دەم و دەسە یار پەیدا نەبوو
ئێمەش هەر بە دەردە بە سوەکەی تۆوە!
فرمێسك دەرێژین
بنو ئەی یادگاری فەرهادە بە ئاوات نەگەیشتوەکە!
بنو
بنو
بنو

١ ـ ناوی کۆنی سەلواتاوایە کە بە قسەی فەرهاد میرزا کردیانە سەڵواتاوا
٥و ٩ دووگوندی نزیك سەڵواتاوان کە سەید زۆر هامشۆی کردون
١٢سنجەرخان ـ کەسێکی شۆڕشگێربوو کە رووسە داگیر کەرەکانی لە ناوچەی سنە دەرپەڕاند، بە پیلانی شای پەهلەوی تروورکرا.
ژمارەکانیتر ناوی کەژوچۆم و دەشتن کە بڕێکیان دەشت و مەزرای بنەماڵی سەیید عەلی ئەسغەرن.